www.kurdistannet.org
2-1-2003 3:10

# وەهم یان نوسینەوەی میژوو

## وەلامیکی کورت بە جەزا چنگیانی

هەردی عەلی
Hardiali24@hotmail.com

( ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و بقەیەکی چاوەروان) ی جەزا چنگیانیم خویندەوە کە لە ۱۷ی دیسەمبەردا لە سایتی کوردوستان نیت دا بلاو کرابووەوە. هەرچەندە ئەمە ئەوەلین بار نیە کە بابەتی لەم جۆرە بخوینمەوە و دەمیکە بە ناوەرۆکی ئەم بابەتانە ئاشنام ( ریزبەندی وشەکانی لی دەرکەیت) و هیچ کات و بۆ هیچ دەورەیەك وتار و فکری لەمجۆرە تەنانەت لە ناو خودی بزوتنەوەی کوردایەتی نزیك بە سەدسالی رابردووشدا نەیتوانیوە پیگەیەك یان بستە ئەرزیکی واقع داگیر بکات. تەنانەت خودی ئەو کەسانەش کە ئەم وتارەیان ئاراستە کراوە یان باشتر بلیم خویان لەو چوارچیوە سیاسیەدا دەبیننەوە خەندەی گالتەجاری دەیانگریّ.

جەزا چنگیانی حەقی خۆیەتی کە دەیەویت لە چ چاویلکەیەکی سیاسی، فکری، فەرهەنگیەوە دونیا ببینی و بخوینیتەوە ، بەلاّم ئەوە ئەو نیە کە بتوانی کە چۆنی ویست ئاوا میژوو بنوسیتەوە، یان ناتوانی بە هەمان پیوەر دونیا بنوسیتەوە. سەیرتر لەوەش ئەوە دەبی کە بتەویّ لە فکریکی دواکەوتوو بدەی بە فکریکی تەواو عەیار وەکو ئەو، بتەویّ نەقدی دیکتاتۆریك بکەی بە پیوەری دیکتاتوریکی تر.

ئەو دەلی ( لە دروست بوونی عیراق و لکاندنی باشوری کوردوستان پیوەی تا ئیمرۆمان *لە شیخی شیخانەوە ( شیخ مەحمود درودی خوای لی بیت* دوا جار مەلا مستەفای بارزانی) گەلی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی گەورەترین هیزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی بوون) ئەگەر هەمان ئەم زمانی نوسینە ( ناوەرۆکەکەی لیگەریّ) ، هەمان ئەم وەسف و تەلتەلەیە تەرجەمە بکەیتە سەر زمانی عەرەبی دەتوانیّ بالاّی چ قەد لە بالاّی ( ئەیام تەویلە) بەرزتر بیت؟ کاك جەزا کە بە نوسینەکەیدا دیارە تورەیە لەو سیلسیلە دیکتاتۆرە *عەرەبانەی* کە لە عیراقدا حاکم بوون بەلاّم بە دیوەکەی تریدا شان و بالی هەندیّ دیکتاتۆری خیلەکی کوردزمانی تر دەشیلی و درووەی خوایان بۆ دەنیریت. ئەگەر گریمانەیەك بیتە پیش و بە قودرەتی قادر کاك جەزا یان هاوفکرەکانی لە بەغداد پارە و پول و وەزیر و گزیریان بکەویتە چنگ، دەشی چەند هەلەبجە و ئەنفالی تر بە زمانی کوردی بیتە ئارا و دروست کردن. هەرچەندە من بۆ خۆم لە نوسینەکەیدا احساساتیکی نەتەوەپەرستی قولّ درك پیّ دەکەم وە هەر ئەمەش تەرجەمەی سیاسەت و ژیانی رۆژانە بکەی دەکاتە راسیستیکی عەیارە بەرز.

سەرنج بدەن دەیەویت چ پەیامیك ببەخشیتەوە ( کورد وەك گەلیك، کوردوستان وەك خاکیك، سامانی کورد وەك فاکتەریك بۆ ژیانی عەرەبە عیراقیەکان رۆلی رەسەنی بینیوە) ، سەیر لەوەیە کەسیك دەم لە تەحلیل و تەفسیری سیاسەت بدات و بی گویدانە هیچ پرەنسیپیك زاراوە و وشە فریّ بدەیتە سەر کاغەز. کاك جەزا پیّ دەچیّ تا ئیستا جیاوازی نەکات لە نیوان خەلك و حکومەت ئەگەر نا بەکاربردنی کوردو کوردوستان و سامانی کورد بۆ ژیانی عەرەب لە قسەی هەرشتیّ دەچن تەنها لە قسەی سیاسی و ئایندەی ملیۆنان بەشەر نەبی. لیرەدا من دەمەویت بە کورتیەك بە کاك جەزا بلیم کە بە کاربردنی وشەی عەرەب لە ( صدام حسین) ەوە دەگریتەوە تا ئەو ئینسانە شەریفانەی کە ئەو خوینی خواردن تا ئەو ( ابو نجیب و ابو عامر) ەی کە نەك لە سەروەتی کوردوستان بەلکو لە سەروتی عیراق هیچ خیرمەند نەبوون کە مومکینە رەفیقی گیانی بە گیانی کاك جەزا یان هاوسیکانی بن بەلاّم ئەم دەیەویت پیمان بلی کە ئەو بەشەرانەی کە بە عەرەبی قسە دەکەن نانخۆری ئیمەن و سەروەتی ئیمە دەبەن یانی دوژمنی ئیمەن. وشەی کوردیش لە ( شیخ مەحمود و بارزانی و تالەبانی) ەوە

دەیگریتەوە تا ئەو بەشەرانەی کە لە سجنە موحتەرەمەکانی ئەواندا ژیان بە سەر دەبەن، لە رۆژنامەنوسیك و ئازادیخوازیکەوەبۆ تیرۆرستیك. کاك جەزا دەیەویت پیمان بلی ئیمە هەموو ئەو کەسانەی کە بە کوردی قسە دەکەین یەك چارەنوسمان هەیە. چ ئەوانەی سەرۆك و سەرۆك وەزیرانن کە دوینێ و ئەمرۆ و سبەینیش دژی خەلك بوون و هەن و دەبن، چ ئەوانەی لەو کەلاوانەدا رۆژ دەکەنەوە کە کاك جەزا ناتوانیت تەنها شەویکی تیا رۆژ بکاتەوە. ئەم دوو جۆرە بەشەرانە نەك بە زمان بەلکوو بە هەزارو یەك پینە و پەرۆ و کورتە بابەت و رۆمانی دریژیش نالکین پیکەوە. ئەگەر باوەر بە من ناکەیت فەرموو لە نەخوینەوارەکانی شیخەلا و ژیر پردەکەی سلیمانی بپرسە، ئەوان نە خوینەواریان هەیە و نە قەلەم بەدەستن و بە دەم چا هەلقوراندنیکەوە هەزار و یەك فەرق و جیاوازی خۆیان و کاربەدەستانت دەخەنە چنگ!!!

لە جیگایەکی تردا جەزا چنگیانی سەرنجمان دەباتە سەر رستەیەکی ( ایە الله الحکیم) و نیگەرانی نیشان دەدات لەوەی کە ئەم جەنابە وشەی ( کورد) ی بەکار نەهیناوە و لە چاوپیکەوتنەکەیدا وتویەتی ( العراق سیصل عربیا مسلما مستقلا) . ئەمە نەك خەونی گەورەی کاك جەزا بەلکو ئەمە خۆشخەیالیەکی هەمیشەیی ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی کوردایەتی بووە. لیرەدا دەمەویت وەك نمونە شتیك بگیرمەوە، سالانی ٨٨_١٩٨٩ صدام لە جەنگ هاتبووە دەر و کەوتبوە جەولە سیاحیەکانی خۆی یەك لەو جارانە جلو بەرگی کوردی پۆشیبوو، لەو کاتەدا کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بە وەحشیترین و خوینخۆرترین ئینسان خۆشحال بوون کە جل و بەرگی کوردیان لەبەردا بینی. هەندیك ئەسەفەکەیان تەنها ئەوەندەبوو کە بۆ شالی هەورامانی لەبەر نەکردووە؟ !.

ئا لیرەدایە کە دەشی لە کاك جەزا بپرسم کە بە کاربردنی وشەی کورد لە لایەن ئاخوندیکی ئینسانخۆرەوە دەشی چ فەخرو چ نەجمەیەك بە ئینسان ببەخشێ ؟؟ ئینسان بۆ زانینی ئایندەی هەر ولاتیك دەبی پیش هەرشتیك ئەو بزوتنەوانە بناسیت کە دەیانەویت ئایندەی ولاتەکە بنەخشینن، ئەگەر ئەمە نەناسی حەتمەن دەکەویتە داوی وشەبازی و بەکارهینانیەوە. ئەگەر صدام حسین لە جاریکدا وتی ( کوردوستان بەهەشتی خوایە لەسەر زەوی) بەلام هەر ئەو کوردوستانە بە دەستی ئەو ویران کرایە سەریەك!! دلخۆش کردن بە (ئایەالله) یەك کە دەیەویت چارەنووسی زیاتر لە بیست ملیۆن ئینسان بگیریتەوە بۆ چاخە بەردینەکان، ژنان بخاتەوە چوارچیوەی مالەکانیان، بچوکترین ئارەزوی مەدەنیانەی کۆمەلگا لە گۆرنیت و بیەویت کۆمەلگا بۆ چەند دەیە بخەوینیت ئیتر ئەوە تەنها مەگەر بزوتنەوەی کوردایەتی و کەسانی چواردەوریبن کە خۆشخەیالیان هەبیت ئەم عەمامەبەسەرە دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ بپاریزیت!!

هەرچی سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی عیراقیە پیوست ناکات شتیکی زۆری لەسەر بنوسم وتەنها ئەوەندە دەلیم کە ئۆپۆزسیۆنیك تەجروبەی دە سالی حاکمیەتی میلیشیا لە کوردوستان بە تەجروبەیەکی دیموکراتی گرنگ بۆ ئایندەی عیراق هەلبسەنگینیت و لەمسەری عەمامەبەسەرەوە بۆ ئەوسەری دەرەجەداری هاوریی صدامی تیادا ئەندامی بالابن و ئاینی ئیسلام ئاینی رەسمی دەولەتیان بی، من بۆ خۆم یەك سات خۆشخەیال نەبووم و ناشبم پیی و ئەگەر دەسەلاتیان بە نسیب ببیت ئەوا ئەو تۆزەش کە بە پیوە ماوە ئەویش ئەروخینن. بۆیە دەبیت هەرچی هەولی ئازادیخوازی و شۆرشگیرانەی خۆمان هەیە بیخەینە گەر تا ئایندەیەکی خۆش و ئاسودە، دوور لە دەسەلاتی بەعس و گۆنگرەی تایەفەگەری ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دروست بکەین و بە ئومیدی ئەوەی کە کاك جەزاش هاوکاری ئایندەیەکی باش بیت بۆدروست کردنی ولاتیکی مەدەنی کە مافی ئینسانەکان تیایدا وەك یەك پاریزراوبیت.